www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا19-7-2006 14:07

## هەتاوێک لە شەوێکی زەنگدا ... غفور عوزێری

2006_07_12

خۆشەویستم..
چاک لە بیرمە..
تێر ئەمڕوانیە چاوەکانت
لەو بەردەمە
بۆ چەند ساتێ
هەستی باوەڕ
ئەیبردمە
لای وون بووەکانی
ژینی ئەو سەردەمە.

ساڵی 1975 ساڵی کونەبەبوی شووم ساڵی نەهات و گەورە پیلانی چەپەڵی نێو دەوڵەتانی ناوچەکەو سیناریۆی جەزائرو بەرهەم و دەرهێنانی دۆستی دێرینمان ئەمەریکا. ساڵی هەرەس پێ هێنانی زۆرە ملێ ی گەورەترین شۆڕش و خەباتی چەکداریی میللەتی کوردمان لە باشووری کوردستان دا. لە ئەنجامی ئەو گورزەی لەوساڵەدا لەسەرمان درا تاکو ئێستاش ووڕوگێژیم ماوە. بێ وورەیی گەیشتە سەر ئێسقانی زۆربەی خەڵکی کوردستان. دواى هەرەس هێنان بەچەند مانگێک.. ئەم چەند ووشەیەم لەهەستی هەڵقرچاوم دا تواندمەوەو لەم هۆنراوەیەدا دامڕشتەوە.
بۆ یەکەم جارە بڵاوی ئەکەمەوە.

لەیادمە.. پێکەوە
دانیشتبووین
لە پەرچەمی ئاڵۆزکاوی
ئەو تاریکە
شەوە زەنگە
هەتاوێکم، بۆت دروست کرد
جۆری خوا پەرستن
چەند جارێک، کرنوشمان بۆ برد
لە جێی ئەوەی پیرۆزمان کات
چەپکێ خەمی
پیشکەشمان کرد..
هەرلە یادمە.. کونەبەبوو

بەسەرمانا
ئەهات ئەچوو
ماتەمینی
سەر زەمینی.. داگرتبوو
بەرسیلە هەر بەدارەوە

ووشک ئەبوو..
بەڵام ئازیز..
لە هەموو شت.. خۆشەویستر
بروا بکە
باوەڕی من بە دڵداریت
زۆرتر
لەجاران وا لە گڕ
وەکو ئاگر
ئەسوتێنێ
تەڕو ووشکی
سەر ڕووباری ساردو سڕ
بروا بکە
باوەڕی من
بۆ تۆ ویستن
وەکو دەریایەکی بێ بن
ئەخنکێنێ
دوژمنی تۆ... ناحەزی من
شیرینەکەم..
وولاتەکەم..
کوردستانم..
باوەڕی من بە تۆ
هەردەم
ژیلەمۆیە..
تینی هەر ئەمێنێتەوە
خەیاڵی دوژمن خاوە
چیا چۆن ئەگوێزرێتەوە

****

وولاتەکەم
هەناسەکەم
کەی چیرۆکی
شەهیدەکان
وون بووەکان
وەکو خەڵات
چوونە ناو باسەکەم
بوونە وێنەی رووی سەر
بەرگی داستانەکەم
پێنووسەکەم
کرایە مەشخەڵی خەبات

**تۆ و من**
**بە کوێرایی دوژمن**
**گەیشتین بە ئاوات**
**هەژارەکان**
**تەواو تێر بوون**
**چەوساوەکان**
**خاوەن رێز بوون**
**هەر زەحمەت کێش**
**لەکارواندا بچێتە پێش**
**کەی ئەوانە هەموو**
**جێ بە جێ بوو**
**ئەوساکە من ئۆخەی ئەکەم**
**بە شانازی**
**بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز**
**بۆ نەوەی داهاتوو**
**پەیکەری ئازادی**
**دروست ئەکەم**
**لەژێرەوەی دوو دێڕ**
**گریانی خۆشیی خۆم**
**لەسەر تۆمار ئەکەم**

**تێبینی / ئەم هۆنراوەیە لە** 1975_07_11 **دا نوسراوە.**